# ئایا بیر لە گەڕانەوەی دڵخوازانە بۆ وولاتەکەت ئەکەیتەوە؟

گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بە هاوکاریەوە ڕێگایەکی سەلامەت، سەربەرزانەو مرۆڤانەیە بۆ گەڕانەوە.

UTL
ÚTLENDINGASTOFNUN
ICELANDIC DIRECTORATE OF IMMIGRATION

IOM
UN MIGRATION

## زا ن یار یەکانی پە یوە ند یکردن


**لە ئا یس لە ن د**

**بەڕێوەبەرایەتی کۆچبەری ئایسلەندا (UTL)**

Bæjarhraun 18, 220 Hafnarfjörður, Iceland

+354 444 0900

return@utl.is

www.utl.is

**لە فنلەندا**

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ک ۆچ (IOM)**

ناو و نیشان بۆ پۆست ناردن:
P.O. Box 851, 00101 Helsinki, Finland

+358 40 642 7673 / +354 40 628 2124

isavr@iom.int

www.iom.fi
www.iom.int



ئەم نامیلکەیە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) لە فنلەندا دەری کردوە لە چوارچێوەی پرۆژەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و هاوکاری دووبارە ئاوێتەبوونەوە لە کۆمەڵ گادا بۆ کۆچبەرەکانی ئایسل ەندا (AVRR-ICE).


## گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و هاوکاری بۆ دووبارە ئاوێتەبوونەوە لە کۆمەڵگ ا بۆ ئەوانەی لە ئایسلەنداوە ئەگەڕێنەوە

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) پڕۆژەی گەڕانەوەی دڵخوازانە و هاوکاری بۆ دووبارە ئاوێتەبوونەوە لە کۆمەڵگادا (AVRR) لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی کۆچبەرانی ئایسلەندا (UTL) جێبەجێ دەکەن. لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە یارمەتی ئەو کەسانە ئەدرێت کە بە ئارەزووی خۆیان ئەگەڕێنەوە بۆ وولاتە ڕەسەنەکانیان.

بێجگە لە ڕێکخستنی گەشتەکان، سوودمەندان ئەتوانن بڕەپارەیەك وەرب گرن کە لە نێوان 1,200 یورۆ کاش تا 4,200 یورۆی ناڕاستەوخۆیە )بۆ پڕۆژە( بۆ گەورەکان. بڕی دیاریکراوی هاوکاریەکە پەیوەندی بەو وولاتەوە هەیە کە بۆی ئەگەڕێیتەوە هەروەها بەو جۆرە هاوکاریەوە هەیە کە خۆت هەڵت بژاردووە بۆ دووبارە ئاوێتەب وون لە کۆمەڵگادا .

دەربارەی هاوکاری ناڕاستەوخۆ )هاوکاری بۆ پڕۆژە( بەشێکی کەمی لێی بە کاش ئەدرێ بەڵام بەشە سەرەکیەکەی بەشێوەی خزمەتگوزاری یان کەلوپەل ئەدرێ لە ڕێگەی نووسینگەی IOM ی ناوخۆوە. لە شێوازە گونجاوەکانی بەکارهێنانی هاوکاری ناڕاستەوخۆ ئەتوانرێ بۆ نموونە خەرجیەکانی نیشتەجێبوون، خوێندن، خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان وەیان دەستپێکردنی کارێکی بازرگانی پێ بدرێ.

سوودمەندان لە یارمەتی IOM بریتین لەو کۆچبەرانەی کە قەتیس ماون و ڕێگای دەرچوونیان نییە، کۆچبەرە نایاساییەکان، داواکارانی پەنابەری کە بڕیاریان داوە چیتر بەدواداچوون بۆ داواکاریەکانیان نەکەن یان دەرکەوتووە کە پێویستیان بە پاراستنی نێودەوڵەتی نییە. هەروەها یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە ئەکرێ بدرێتە ئەو کەسانەی لە دۆخێکی لاوازدان وەك قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ئەو منداڵە کۆچبەرانەی کە ل ە کەسوکاریان دابڕاون و بێ هاوەڵن وەیان ئەو کەسانەی بە هۆکاری تەندروستیەوە خاوەن پێداویستی تایبەتن.



© IOM 2016/Amanda Nero



# پرۆسەی گەڕا نەوەی ئارەزوومە ندا نە هەنگ او بە هەنگاو

IOM
UN MIGRATION

**1**

پرس و ڕاوێژی پێش گەشتکردن
لەسەر پرۆژەی (AVRR) و زانیاری
دەربارەی بارودۆخی ووڵاتی ڕەسەن
بۆ ئەوەی بڕیاردانەکەت بۆ گەڕانەوە
بە ئاگاداری و زانینەوە بێت.

**2**

پڕکردنەوەو ئیمزاکردنی فۆرمی
گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە وە
هەروەها پڕکردنەوەی فۆرمی
دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ
گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لە
ئایسلەنداوە.

**3**

بەڕێوەبەرایەتی کۆچبەرانی ئای
سلەندا (UTL) هەردوو فۆڕمەکە
ئەگەڕێنێتەوە بۆ ڕێکخراوی
نێودەوڵەتی بۆ کۆچ (IOM) لە فنلەندا
بۆ دەستپێکردن بە ڕێکارەکانی
سەفەرکردن.

**4**

لای خۆیەوە (IOM) پەیوەندیت
پێوە دەکا ت و زانیاری تایبەت بە
ڕێوشوێنی گەشتەکەت وە
هاوکاری دووبارە ئاوێتەبوونەوەت
پێ دەدات. IOM جەخت ئەکاتەوە
کە گەڕانەوەکەت ئارەزوومەندانە
بێ.

**5**

ئەگەر بەڵگەنامەی سەفەری
کارپێکراوت پێ نەبوو
(IOM) یارمەتیت ئەدات کە
لە سەفارەت وەری بگریت.

**6**

کە بەڵگەنامەی سەفەرەکە
(پاسپۆرت) ئامادەبوو (IOM)
ڕێکارەکانی سەفەر جێبەجێ دەکات
و پێت ڕادەگەیەنێ.

**7**

لە جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی
سەفەردا هەر بارودۆخێکی
تەندروستی تایبەت بەتۆ لەبەرچاو
دەگیرێ.

**8**

بۆ کێشی کەلوپەلی ڕێگەپێدراو لە
نێوان کۆمپانیاکانی هێڵە ئاسمانییەکان
دا جیاوازی هەیە، لە بارە
ئاساییەکەیدا هەر کەسێک مافی یەك
جانتای هەیە بۆ بارکردن لەگەڵ
جانتایەکی تری دەستی.

**9**

کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی
کۆچبەرانی ئایسلەندا (UTL)
لە فرۆکەخانەی Keflavik
دێتە لات و بڕێك لە پارەی
هاوکاریەکەت پێ ئەدات.

**10**

کارمەندی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی
بۆ کۆچ (IOM) لە فڕۆکەخانەکانی
ووڵاتی ترانزیت و ووڵاتی خۆت
دێن بۆلات.

**11**

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ
(IOM) گەشتی گواستنەوەی
ناوخۆ بۆ تۆ لە فڕۆکەخانەوە هەتا
ماڵەکەت بۆ ڕێك ئەخات.

**12**

ڕێکخراوی (IOM) بڕەپارەی
دووبارە ئاوێتەبوونەوە لە کۆمەڵگا
ئەداتە ئەو کۆچبەرانەی هاوکاریەکە
دەیان گرێتەوە. وە ئەگەر پێویستی
کرد کارمەند ڕێکخراوی IOM
یارمەتیت ئەدا بۆ ئامادەکردنی پلانی
پرۆژەکەت بۆ بەکارهێنانی
هاوکاری ناڕاستەوخۆ.